## گیان لە دەست دانی ٣٢ بەندکراو لە بەندیخانەکانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٠ دا +لیستی ناوەکان

هەنگاو: لە ماوەی ساڵی ڕابردووی زایینی لانیکەم ٣٢ بەندکراوی کورد لە بەندیخانەکانی کوردستان و چەند شاری دیکەی ئێران گیانیان لە دەست داوە کە ٤ کەسیان لە ژێر ئەشکەنجە کوژراون و دوو کەسیان لە کاتی دەستبەسەر کران و بە تەقەی هێزە ئەمنییەکان گیانیان لە دەست داوە.

بە پشتبەستن بە ئاماری تۆمار کراو لە ناوەندی ئامار و بەڵگەنامەکانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، لە ماوەی ساڵی ٢٠٢٠ دا لانیکەم ٣٢ بەندکراوی کورد گیانیان لە دەست داوە کە ١١ حاڵەتی لە بەندیخانەی ئورمیە تۆمار کراوە و خراپرتین بەندیخانە بووە بۆ بەندکراوان.

بە پێی ئەم ڕاپۆرتە لانیکەم ٤ بەندکراو بە ناوەکانی خەلیل مورادی خەڵکی جوانڕۆ، سەید کەماڵ حوسێنی خەڵکی سەقز، دانیال زەینولعابدین خەڵکی مەهاباد و فەرهاد وسووقی خەڵکی هەرسین لە ژێر ئەشکەنجەی هێزە ئەمنییەکانی بەندیخانەکانی کرماشان، سەقز، میاندواو و خورەمئاوا گیانیان لە دەست داوە.

سێ کەس کە بریتین لە بەندکراوێکی بەندیخانەی مەهاباد، شارام مستەفاپوور خەڵکی ئورمیە و کەژوان ئەڵماسی خەڵکی سنە بە تەقەی هێزە ئەمنییەکان کوژراون، شارام لەکاتی دەستبەسەر کران و کەژوان دوای دەستبەسەر کران تەقەیان لێ کراوە و گیانیان لە دەست داوە.

## جیاکردنەوە بە پێی تۆمەتەکان

سیاسی: ٢ حاڵەت
قەتڵی ئەنقەست: ٧ حاڵەت
مادده هۆشبەرەکان: ٦ حاڵەت
تۆمەتی ئاسایی: ٢ حاڵەت
تۆمەتی ماڵی: ١ حاڵەت
نادیار: ٤ حاڵەت




## جیاکردنەوە بە پێی پارێزگاکان

پارێزگای ئورمیە: ١٥ حاڵەت
پارێزگای کرماشان: ٤ حاڵەت
پارێزگای سنە ٣ حاڵەت

## چۆنێتی گیان لە دەست دان

نەخۆشیی کۆرۆنا: ٩ حاڵەت
لەژێر ئەشکەنجە: ٤ حاڵەت
کەمتەرخەمیی پزیشکی ٣ حاڵەت
خۆکوشتن: ٣ حاڵەت
بە تەقەی ڕاستەوخۆ: ٣ حاڵەت

# گیان لە دەستدانی بەندکراوانی کورد لە بەندیخانە




Hengaw
Human Rights

## ناوی ئەو بەندکراوانەی کە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا گیانیان لە دەست داوە

| ریز | ناو و ناوبانگ | خەڵکی | تۆمەت | بەندیخانە | هۆکار | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕەزا ئومیدی یاریجانی | کرماشان | سیاسی | کرماشان | خۆکوشتن | ٢٢.٢.٢٠٢٠ |
| ٢ | فەریق محەمەد | شنۆ | مادده سڕکەرەکان | ئورمیە | کۆرۆنا | ٢٧.٢.٢٠٢٠ |
| ٣ | حوسێن جەوادی | ئورمیە | مادده سڕکەرەکان | ئورمیە | کۆرۆنا | ٢٥.٣.٢٠٢٠ |
| ٤ | فاتمە عەلیزادە | کرماشان | نادیار | ئورمیە | کۆرۆنا | ٢٥.٣.٢٠٢٠ |
| ٥ | پیاوێک | مهاباد | نادیار | مهاباد | کۆرۆنا | ٣٠.٣.٢٠٢٠ |
| ٦ | دانیەل زەینولعابدین | مهاباد | قەتڵ | مياندواو | ئەشکەنجە | ٢.٤.٢٠٢٠ |
| ٧ | ئەنوەر قوربان زادە | ئورمیە | قەتڵ | ئورمیە | کۆرۆنا | ٩٤.٢٠٢٠ |
| ٨ | پیاوێک | ئورمیە | قەتڵ | ئورمیە | کۆرۆنا | ٩٤.٢٠٢٠ |
| ٩ | پیاوێک | ئورمیە | قەتڵ | ئورمیە | کۆرۆنا | ٩٤.٢٠٢٠ |
| ١٠ | پیاوێک | ئورمیە | قەتڵ | ئورمیە | کۆرۆنا | ٩٤.٢٠٢٠ |
| ١١ | پەرویز قوربانی | سایین قەڵا | مادده سڕکەرەکان | مياندواو | کەمتەرخەمی پزیشکی | ٤.٥.٢٠٢٠ |
| ١٢ | شارام مستەفاپوور | ئورمیە | نادیار | ئورمیە | شلیک مامور | ٦.٦.٢٠٢٠ |
| ١٣ | سەید کەماڵ حوسێنی | سەقز | مادده سڕکەرەکان | سقز | ئەشکەنجە | ١٣.٦.٢٠٢٠ |
| ١٤ | خەلیل مورادی | جوانڕۆ | سیاسی | کرماشان | ئەشکەنجە | ١٨.٦.٢٠٢٠ |
| ١٥ | سەیفەدین بامرادی | ئورمیە | کێشەی ماڵی | ارومیە | کۆرۆنا | ٢٥.٦.٢٠٢٠ |
| ١٦ | ڕوستەم قوربانی | کامێران | نادیار | کامێران | کۆرۆنا | ٧.٧.٢٠٢٠ |
| ١٧ | فەرهاد ڕەحیمی | ئورمیە | مادده سڕکەرەکان | ئورمیە | کەمتەرخەمی پزیشکی | ١.٩.٢٠٢٠ |

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو

# گیان لە دەستدانی بەندکراوانی کورد لە بەندیخانە

ژانویەی ٢٠٢١

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٨ | ئیسماعیل موستەخدم | بۆکان | قەتڵ | تەورێز | کەمتەرخەمی پزیشکی | ١٨.٩.٢٠٢٠ |
| ١٩ | کەژوان ئەڵماسی | سنە | تاوانی ئاسایی | تاران | بە چەک | ٨.١٠.٢٠٢٠ |
| ٢٠ | کەریم خاجەپوور | ئورمیە | تاوانی ئاسایی | ئورمیە | خۆکوشتن | ٢١.١٠.٢٠٢٠ |
| ٢١ | سادق مەلەکی | ئورمیە | ماددە سڕکەرەکان | ئورمیە | خۆکوشتن | ١١.١١.٢٠٢٠ |
| ٢٢ | فەرهاد وسووقی | هەرسین | قەتڵ | خورەمئاوا | ئەشکەنجە | ١٠.١١.٢٠٢٠ |